## حەسەن گەرمیانی:

# لەنێو شەوارۆو کۆڕی زیکرو رەسەنایەتی دا

**دیمانە: مەسعود پەرێشان**

**3-3**

دوای ئەو مێژووە، هاتمە سەر مەقامات و لەکاکەی گەرمیانیم پرسی:ـ مەقامات بەشێکە لەدەنگ و ئەداو رەسەنایەتی جەنابت ئایا لەچ قوتابخانەیەک فێرە مەقامات بووی؟

گوتی:ـ لەگەرمیانەکەی خۆمان کۆمەڵێ مەقامات هەیە وەکو ئەڵڵاوەیسی و قەتارو خاوکەر، خورشیدی و ئای ئای و کۆمەڵێکی دیکەش کەزۆربەی گۆرانی بێژەکانی ئەو سەردەمە دەیانزانی و دەیانگوت و منیش زۆرم حەز لێیان بوو زۆریشم گوێ لێ دەگرتن، ئینجا ماڵی شێخ حەسەنی قەرەچێوار کە لە قادر کەرەم بوو، لەهەموو لایەکی دونیاوە خەڵکی دەهاتنە سەردانی و هەمیشە کۆڕی زیکرو تەهلیلە دادەمەزراو خودا شاهیدە ئەو حەیرانەی لەوێ گوێت لێ دەبوو تا ئێستا لە هیچ شوێنێکم نەبیستووە، هەتا لە هەولێریش. دواتر ئەولاوکانەی کە دەروێشە زازۆبیەکان لەوێ دەیانگوت لەهیچ کوێیەکی دونیا، بەو جۆرەی نەهەژاندووم، ئێنجا دەروێشەکانی سلێمانی کە دەهاتن هەمیشە مووەششەحاتیان دەگوت و زۆریش لێی زیرەک بوون. سەرباری حەیران و لاوکەکانی دەروێشانی دەشتی دزەیی هەولێر. کەزۆر بەپاکی دەیانچڕی، ئینجا لەکۆڕو حەڵقەی زیکردا فێرە کۆمەڵێ ریتم و ئاوازی جیاجیا بووم کە بەسێ مەوج و سێ گۆڕانکاری تەپڵ و دەف ئیشی دەکردو لەگەڵ حای حای ،دەروێشاندا کۆڕاڵ و ریتمێکی ئەوەندە جوان و بەرز دروست دەبوو، هەموو کەسێکی دەخستە نێودونیای ئەسیر بوون و لەگەڵیدا بە جۆرێک دەتوایتەوە، کە کۆتایی دەهات زۆر خەمی پێ دەدایت و حەزت دەکرد هەر بەردەوامبێ، ئەوەی قەتیش لەبیرم ناچێ هۆرەو سۆزی دەروێشەکانی جافایەتی بوو لەگەڵ مەقاماتی دەروێشە سنەییەکان. گوتم:ـ حەسەن گیان خەریکە منیش حاڵ دەگرم و لەوەش دەگەم کە تۆ لەمەزنترین قوتابخانەی رەسەنایەتی شەوارۆ و مەجلیسی دەروێشاندا فێرە ئەو رەسەنایەتیە بووی، باشە پێم ناڵێی هونەرمەندێکی لاوی ئەمڕۆی قوڕ بەسەر کە نە شەوارۆ و نەکۆڕی زیکرو تەهلیلەو نەکۆڕو شەوانەی لایلایەو نە هیچ شتێکی دیکەی هەیە، پێم ناڵێی بەچی فێرە ئەو رەسەنایەتییەو ئەو هەموو جۆرە مەقامانە بێت؟

گوتی: پرسیارێکی زۆر بەجێییەو زۆر راستیشە! من کە لە هەولێکمدا و پێش منیش فوئاد ئەحمەدی رەحمەتی مامۆستا وریا ئەحمەدیش هەوڵی ئەوەماندا پەیمانگایەکی تایبەتمەند بکەینەوە لە شێوەی ئەوەی کەلەبەغدا هەیە بەناوی (معهد الدراسات النغمیه)بوو. ئەوسا بەئێمە نەکرا، بەڵام ئەمڕۆ کە کوردستان ئازادەو ماوەی ئەوەش هەیە ئەم جۆرە ئامۆژگایە بکرێتەوە گوناهە نەکرێتەوە!!

گوتم:ـ باشە کێ بیکاتەوەو چی بکرێ باشە؟

گوتی:ـ ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لە خانەی موستەحیلاتیشەوە نییە! دەبێ دەستەیەکی کارگێڕی دڵسۆز یەکبگرن و پرۆژە کە بەمجۆرە گەڵاڵە بکەن کە هەموو مۆسیقاژەن و ئاواز دانەرو گۆرانیبێژو لێکۆڵەرەوەی بەتوانای ئەم بوارە لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا کۆبکاتەوەو لە هەولێری پایتەخت بەرایی ژیانیان دابین بکەن و دواتریش ئەوان دەبێ چەند لێژنەیەکی پسپۆڕ دروست بکەن بۆ چەند مەبەستێک کەیەکەمیان کۆکردنەوەی هەموو دەنگە رەسەنەکانی سەرقەوانە کۆنەکان و سەرشریتەکان و سەرکاسێتەکان و ئەوانەیش کە ئێستا تۆمار کراون، دووەمیشیان بریتییە لە گەڕانێک بەنێو گوندەکان و سەرجەم شوێنەوارەکانی پاشماوەی ئەنفال و جێگە دوورە دەستەکان هەرچی پێیانە لەئاواز و مەقامات هەر هەموویان تۆماربکرێن و وردەوردە کۆبکرێنەوەو سێیەمیش هەموو ئەوانە بخرێنە بەردەستی مامۆستا دڵسۆزو بەتواناکان، کە ئەوا خوا شاهیدە دەبێتە باشترین بنکەی گەڕانەوەی رەسەنایەتی بۆ نێو قوڕگ و ئاوازی کوردەواری و بە شێوازە هاوچەرخەکەش.

* لەتەوەرێکی تازەدا لەسەر سەردانی ئەمجارەی پێم گوت:- حەسەنی برا لەهاتنەوەی ئەمجارەتدا و لەکۆنسێرتەکەشت گوێم لە هیچ گۆرانییەکی تازەنەبوو، خێرە! بەتەمای لە سەر بەرهەمە کۆنەکانت بژی؟

گوتی: نەخێر مەسعودی برام ، من کە چوومە نەرویج وەنەبێ بۆدانیشتن چووبێتم، بەڵکو لەوێ لەگەڵ منداڵەکانی خۆم و لە سەر گیرفانی خۆمان سیدییەکی تازەمان تۆمار کرد بەرەنجامەکەشی نەوەد هەزار کرۆنمان لێی زەرەر کرد، دیارە ئەوەش بە قوربانی کۆپیکردنە مۆڵەتەکانی کوردستان بووە، چونکە کاک سەفین پێی راگەیاندم کە هەر تەنها لە کوردستاندا نیو ملیۆن سیدی فرۆشراوە، دیارە زۆربەی هەرە زۆریان دانەی کۆپی کراوەبووینە کە کارێکی قەدەغەیە.

بەڵام شانازی بەو کۆنفرانسەی نەرویج دەکەم کە بۆ سێ وڵاتی کەلتوور جیاجیا سازکرابوو، ئێمە کەوڵاتی باوەڕپێکراومان نییە، ئەو سیدییەی من وای لێکردن وەکو وڵات حسێبمان بۆ بکەن و کۆنفرانسەکەشیان بەبێلانی کورم کردەوە، کە بەئامێری سەنتوور ئاوازێکی سەرنجڕاکێشی کوردەواری سەرسامی هەموویان بوو بە کەلتووری رەسەنی کوردەواری!

لە دوا تەوەریشدا لە بارەی هاتنەوەی ئەمجارەی بۆ کوردستان و کاری تازە و پڕۆژە هونەرییەکانی، حەسەن گەرمیانی برام گەیاندە ئەو ئاستەی بەزمانێکی گلەیی ئامێزی هێور و لە سەرخۆ ژەنی، کە ئەزیش میوانی شەرەفی ئەو کۆنفرانسە بووم و سی سیدیشمان بەسەر نوێنەرانی هەرسی وڵاتەکە بە دیاری بەخشییەوەو ئەوانیش زۆرپێی خۆشحاڵ بوون. ئەوەی قەت لە بیرم ناچێ کە ئەوان سەیریان بەوە دەهات کە بێ پارە ئەم سیدیانەیان دەدەینێ، یەکێک لە نێویاندا کە کوردستانی بینیبوو کوردیشی باش دەناسی پێی گوتن: براینە ئەم گەلە، گەلێکی زۆر بەخشندەیە، کە ئەگەر بەسەردان بۆ چا خواردنەوە سەردانی یەکێکیانت، کرد، ئەگەر نانەکەشی لەگەڵ نەخۆی لێت زویر دەبێ، کە ئەمە مایەی بێتە دووان و بە کورتی و بە کوردی بڵێ: زۆریان گوت و کەمیان کرد، تا ئەو ئاستەی لە ئوتێلەکەشماندا تەنگم پی هەڵچندرا، کە ئەز لە بەرایی گەڕانەوەکەمدا لەگەڵ ئەوەدا نەبووم لە ئوتێل دابەزم چونکە لە نێو شاری هەولێر سەرباری ماڵە برا، خودان ماڵی سەدان برادەری گیانی بەگیانیم.

گوتم: سەرەداوی گلەییەکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟

گوتی: خەڵکی ئێمە تەنها هێلکەت لێ داوا دەکەن.

لەم هاتنەوەیەمدا لەسەر ئەوە سووربووم کە یەکەم کۆنسێرتم لە نێوشاری کەرکووکی دڵی کوردستان و بە هاوکاری تیپی مۆسیقای کەرکووک پێشکەش بکەم، بێ ئەوەی گوێ بدەمە ئاستی ئەوتیپە، بەڵکو ئەوەی بەلای منەوە گرنگتربووە، بریتی بووە لەوەی لە نێو کەرکووکی دڵ و دەروونی کوردستان لە گیانی خۆم ببوورم و کۆنسێرت ئەنجام بدەم بە دەست و پەنجەی مۆسیقیاژەنەکانی ئەو شارەزا مەندانە. چونکە کەرکووک هێمای هەرهەموو کوردستانە، بەوەی بارزانیی نەمر شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بەقوربانی ئەوشارە گەورەیەی کوردستانکرد، کە شۆڕشەکە بەدرێژترین و مەزنترین شۆڕشی گەلی کورد دەژمێردرێ و لەسەر کەرکووکیش وای بەسەرهات.

* ئینجا من فەرموودەیەکی بارزانی نەمرم لەسەرکەرکووک بۆهێنایەوە و کاکە حەسەن گەرمیانی دوای دامان رامانێک بەهێوری هاتە گۆو گوتی: هەر چەندی سەردێنم و دەبەم ناتوانم بەوپەڕی هەستەوە وەسفی گەورەیی و مەزنی ئەو پیاوە سیمبولە بکەم و هەرتەنها هێندە دەڵێم: لەبەرخاتری مستەفا بارزانی نەمر هەر هەموو گەلی کورد روویان لە شاخەکانی کوردستان کردو لە دەورەی ریشە سپیەکەی ئەو مرۆڤە مەزنە کۆ بوونەوە و شانازیشیان بەوە دەکرد کە لەژێر سەرکردایەتی ئەودا خەبات دەکەن، ئەمە مێژووەو نابێ تێکەڵبرێ و دەبێ راستییەکان وەکو خۆیان تۆمار بکەین، کاکە هەر لەزاخۆوە تا خانەقین لەدەوری ناوی مەلامستەفای بارزانی کۆببوونەوە. لەسەر رەوتی سیاسی ئەمڕۆش کاکە حەسەن گوتی: لە دونیای سیاسی ئەمڕۆکەشماندا دەبێ ئێمەی هونەرمەندان و رۆشنبیران چاکخواز بین و دژی تەفرەقەو پەرتبوون بووەستینەوە و پشتی یەکگرتنەوە بگرین.

ئێنجا هاتمە سەر دونیای خوێندنەوەی کاکەحەسەن کە لە وەڵامدا گوتی: من لەهەموو لایەنێک دەخوێنمەوە و ئەو دنیایەشم وەکو دونیای مەقامات دێتە بەرچاو، چۆن مەقامی بەیانیان لەمەقامی عەسران جیایەو هی عەسرانیش لەهی شەوان جیایە خوێندنەوەش لای من جیایە، هەرچەندە ئێستا خوێندنەوە چاوم ئەزیەت دەدات، چونکە دوای ئەوەی لە نەرویج بەماشێن وەرگەڕام و ماوەیەک دووچاری کوێربوون هاتمەوە و دوای نەشتەرگەری و چاکبوونەوەم، کە پێشتر باسم کرد لەگەڵ ئەوەی دکتۆرەکان ئامۆژگاری ئەوەیان کردم خۆم لەخوێندنەوە و ئەنتەرنێت دوور خەمەوە، بەڵام خۆت دەزانی پێی ئیدمان بوویمەو ناتوانم وازی لێبێنم، زیاتریش حەز بەبواری ئەدەبی و فەلسەفی و سۆفیگەرای و دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی و هونەریش دەکەم و دەیانخوێنمەوە و ناشتوانم واز لە خوێندنەوە بێنم!!!

لەبارەی ناوی بارزانیش لەهەندەران گوتی: کاکە بارزانی نەمر سەرباری ئەوەی رەمز و سیمبولی هەرچوار پارچەکەی کوردستانە رەمزی ئەو کوردانەشە کە لە لوبنان و ئەرمینیاو رووسیاو هەرهەموو شوێنەکانی دیکەش کە کوردێکیان تێدایە، ئەوە مەسەلەیەکی چەسپاوە و بەمن و تۆ ناگۆڕێ.

ئێستا لە رۆژگاری ئەمڕۆکەدا هەموو سەرکردەکانی کوردم خۆش دەوێن بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە باوەشیان بەیەکدیدا کردووە، بەڵام لە دونیای من لەهەر هەموویان خۆشەوسیتر ئەو پیاوە مەزنەیە کە ناوی مەلامستەفا بارزانییە.

دواتر گوتی: راوەستە باشتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، دێتەوە بیرم کەمنداڵ بووین بەیەکەوە دەچووینە سەرچەمی رۆخانە کە ئاوێکی جوانی هەبوو، ئەوسا لەدەورەی ئەو ئاوە ئێمەی منداڵ یارییەکمان دەکرد بەناوی«بەرزان بەرزان کێنە»کە یارییەکە بریتی بوو لەوەی لەوئاوە دوژمنمان دەکوشت و بەمەلەکردن لە ئاوەکە دەپەڕینەوە و دەمانگوت ئەوا ئاوی ئاراسمان بڕی! بەبێ ئەوەی لەمەفهوومی ئەوکارە بگەین، بەڵام کە گەورەبووین لە داستانی ئاراس و مەزنی بارزانیی نەمر گەیشتین، کاکە ئەوپیاوە باوکمانە. لە دواپرسیارماندا، پرسیاری ئەوەم لێی کرد کە چۆن لە ئایندەی گۆرانی و مۆسیقا و مەقاماتی کوردەواری دەگەی؟ گوتی بەباوەڕی من، من لەگەڵ نوێخوازیدام، لەوباوەڕەشدام کە ئەگەر گەنجەکانمان لەخەتە گشتییەکە لابدەن ئەوا گوناهەکە گوناهی ئێمەیە کە بە سەقەت فێریان دەکەین و جۆری پەروەردەکردنەکەشمان بۆیان هەڵەیەو پڕ لە کەم و کورییە، بۆیە لێرەدا داوای ئەوە دەکەم کە ئێمەی هونەرمەندان و تایبەتمەندانی ئەم بوارە لەخزمەتی کوڕو کچە گەنجەکانماندا بین و بەو جۆرە پەروەردەیان بکەین کە زووتر لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا پێشنیارم کرد کە بریتی بوو لە کردنەوەی ئامۆژگاریەکی تایبەتمەند بەو جۆرەی کە لەوێدا باسم کردووە. لەکۆتاییدا ئێمە زۆر سوپاسمانکرد و ئەویش گوتی وێڕای سوپاسم رەنگە هەرهێندە دەرفەتی رۆژنامەیێک هەبێت، ئەگینا واپێ دەچێ تۆش پرسیاری دیکەت مابێ و بەسوپاسەوە بەڵێنی ئەوەمان پێیدا کە دانیشتن و چاوپێکەوتنی دیکەشی لە ئایندەدا لەگەڵ ساز بکەین.



حەسەن گەرمیانی بۆ رۆژنامەی خەبات دوا